# تەنگانە



دێن بۆن بە دەمتەوە دەکەن
نەکا ڕۆژێ وو تبێتت  خۆشم دەوێی.
دێن بۆن بە دڵتەوە دەکەن
ڕۆژگارێکی سەیرە  گوڵم.
خۆشەویستی
لە دار تەلی قەراغ ڕێگەی بەربەست کراو شەتەک دەدەن
دەیدەنە بەر قامچی و شەلاق
دەبێ وودمی خۆشەویستی لە کەلێن ولە پەسیوی ماڵ پەستێون
بیشارنەوە.
لە کۆڵانی بەربەستکراوی ساردو سڕدا
ئاوردووە شیعرو سرود
ئاگری پێ دەکەنەوە
باسی سەرە بیرکردنەوە
ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم
ئەوەی شەوان دەرگا دەکوتێ
هاتووە چرا بخنکێنێ
دەبێ تیشکی ڕوناکایی لە کەلێن و پە سیوی ماڵ پەستێون
بیشارنەوە.
وا قسابان
سەرە ڕێگاکانیان گرتووە
تیغ و چەقۆی خوێناویان بە دەستەوە
ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم،
توێ توێ بزە لە برینی لێو دادەتاشن
گۆرانی لە برینی گەروو
دەبێ شەوق و شادمانی لە کەلێن و لە پەسیوی ماڵ پەستێون
بیشارنەوە
دێن قەناری بە ئاگری یاس و سوێسن دەبرژێنن

**ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم،**
**ئیبلیسی سەرکەوتووی سەرخۆش**
**لە سەر سفرەی شینی ئێمە شایی دەکا**
**دەبێ خودا لە کەلێن و لە پەسیوی مال پەستێون**
**بیشارنەوە.**

**شیعری:ئەحمەدی شاملو**

31ی پووشپەڕی 1358